

**ئێستا لە کەرکوك جاش هەیە حاکمی دابەشکردنی زەوییە**

# لەتیف فاتیح فەرەج
# لە مێژووی کورددا زۆر بە خێرایی جاش دەبێتە شۆڕشگێڕ

**دیداری سۆران مامەحەمە - کەرکوك**

**● ڕەنگە هیچ میللەتێکی دونیا بە هێندەی کورد لە خیانەتکار و ناپاکەکانی خۆی خۆش نەبووبێت، ڕاستر بڵێین ڕەنگە هیچ میللەتێك بە هێندەی کورد میللەتێکی بێ یادەوەری نەبێت، هەربۆیە بە درێژایی مێژووی کورد، خیانەتکردن گەورەترین هۆکاری شکستپێهێنانی شۆڕش و دەسکەوتەکانی بووە زیاتر لەوەش هەندێجار ئەو خیانەتکارانە لە مێژوویەکی دواتردا بوونەتە پاڵەوان و ئەوان مەدالیای ئازایەتی و نیشتمانپەروەریان بەخشیوە.**

**لە مێژووی نزیکی ئێمەدا ئەنفال ئەو تاوانە گەورەیەیە کە بێ بەشداری و هاوکاری و ڕێ نوێنی کورد ئەنجام نەدرا، بەڵام ئەوانە کێ بوون ئەو کارەیان کرد؟ و ئێستا چین و لەکوێن؟ میللەت چۆن تۆڵەی لێکردنەوە و چۆنیش لێیان خۆش بوو؟**

**ڕەنگە بیرکردنەوە لە تۆڵە لەبەرامبەر ئەوانەدا وەك بەختیار عەلی دەڵێت"هیچ نەبێت جگە لە بوون بەوان، بەڵام پێویستمان بەوەیە ئەوانە ناچار بە لێبوردن و بەخشین بکەین، بەڵام لەلایەن میللەتەوە نەك حیزب، لەلایەن قوربانیدەرەوە، نەك سەیرکەر، لەم گفتوگۆیەدا خاوەنی کتێبی (جاش و ئەنفال) لەو بابەتە دەدوێت.**

**لڤین: وشەی جاش لە کوێوە دێت و مێژووی جاشایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە کوێوە سەری هەڵداوە؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: مێژووی جاشایەتی لە کورددا زۆر کۆنە، وشەی جاشیش خۆی کۆنە لە جاشی پۆلیسەکانەوە هاتووە کە کاتی خۆی بەگژ بزوتنەوەکەی شێخ مەحمودا چوونەتەوە، لە (63) بەدواوە جاش سیمایەکی تر وەردەگرێت کە شۆڕشی ئەیلول بۆ لێدانی پێشمەرگە، جاش نەمەتێکی تر و چوارچێوەیەکی تر وەردەگرێت، جاش ئیتر دەبێتە هێزێکی مونەزەم چەکداری دەبێت، چەك و جبەخانەی دەبێت، جاشەکانی (63) عەرەبەکانیان ناوی (فرسان وەلید) بووە یەعنی سوارەکانی وەلید بۆ گەڕانەوە بۆ خالیدی کوڕی وەلید، سوارەکانی یا جاشەکانی کورد ناویان (سەلاحەدین) بووە بۆ گەڕانەوە بۆ سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەمانە ڕۆڵێکی خراپ دەبینن لە تێکدانی ئەو پەیوەندییەدا، ئەوەی کە یەکەمجار فرسان سەلاحەدینی دانا موحافزی ئەوسای هەولێر بووە کە بۆ لێدانی بەرزانییەکان دایناوە کە (بەدرەدین)ی ناوە و دواجار دەکوژرێت جاش تەشکیلەی تر دەگرێتە خۆ لە حەفتاکان و هەشتاکاندا مەفارزی خاسە و جاشی تایبەت دروست دەبێت، لە هەشتاکاندا کە کورد بەشداری شەڕی عێراق-ئێران ناکات، بەعس بیر لەوەدەکاتەوە ڕێگەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ بەشداری پێکردنیان بۆ ئیبادە کردنی کورد پێی، دێ موستەشار دروست دەکات لەسەر بنەمای موستەشار و هەریەکێکیان فەوجێکی بۆ دەکاتەوە.

**لڤین: کاك لەتیف ژمارەی جاشەکان بەکۆی گشتی چەند ئەبێت وە چەندێك لەوانە لە عەمەلییەی ئەنفالدا بەشدارییانکرد؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ژمارەیەکی سەرەتایی ئەوەی لەبەردەست ئێمەدایە (403) فەوجی جاش هەبووە، جگە لە مەفرەزە خاسەکان، (360) موستەشار هەبووە، (150)هەزار چەکداری جاش هەبووە لە کورددا، هەڵبەت ناکرێت هەمووی موحاسەبە بکرێت، (360) کەس موستەحەقی ئەوەن کە موحاسەبە بکرێت، لەبەرئەوەی (360) کەس موستەشار بوون، (360)کەس زۆر بەئاسانی ئەکرێت موحاسەبە بکرێت، موحاسەبە چییە؟ بۆنموونە پێی ئەڵێی دەبێت بێت لە تەلەفزیۆن داوای

لێبوردن بکات بڵێت ئەم ڕابردووە ڕابردوویەکی تاڵبووە، وە تەعویزی بداتەوە، تەعویز چییە؟ بۆ نموونە ڕەئیسی جاشێك کە مەنتیقەی شوانی ئەنفالکردووە.. ئێستا ئیمکانێکی خەیاڵی هەیە و خاوەنی ملیۆنەها دۆلار و دینار و مەشاریعی هەیە، دەسەڵات ئیجباری دەکات کە لەو دێیانەدا کۆمەڵێ پرۆژەبکات.. لانی کەم ڕووی خۆی سپی بکاتەوە.

**لڤین: چۆن دەڕوانیتە ئەو قسەیەی کە دەڵێن هەندێك جاش هەیە کە هاوکاری خەڵکیان کردوە و توانیویانە خەڵکیش بشارنەوە لە کاتی ئەنفالدا؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: هەڵبەت لە بنەڕەتدا ئەو قسەیە پاکانەکردنە بۆ جاشێتی، بەداخەوە مێژووی کورد کە بەپێی هەندێك بەڵگەنامەکان مێژوویەکی نۆ هەزار ساڵەی هەیە لەم ناوچەیە، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی خەریکی جاشایەتی و خیانەت و خۆ فرۆشی و ئەوانەبوو، کە ئاوڕ لەو مێژووە ئەدەیتەوە پڕە لە سوکبوونی ئینسانی کورد کە شەرمە ئێمە باسی بکەین، یەك لە کارەساتەکانی ئینسانی کورد ئەوەیە کە قەت ئیعتراف ناکات بە تاوان، ئەمە کارەساتە.. لێرەوە ئەو جاشەی کە تا چرکە ساتی ئەخیر جاشە، دواجار دێ باسی پاڵەوانێتی خۆی دەکات، باسی شوڕشگێڕی خۆی دەکات باسی ئازایەتی خۆی دەکات، یەعنی جاش بە بەردەوامی لە مێژووی ئێمەدا زۆر بە خێرایی دەبێتە پیاوێکی ئازا و شۆڕشگێڕ، ئەمە وایکردووە کە هەندێکجار خۆمان بۆ ئەو پاڵەوانە مقەبایانە، بۆ ئەو پاڵەوانە دۆنکیشۆتانە درۆ هەڵبەستین و ڕاستییەکان بشارینەوە، یان لانی کەم پێیان بلێیین ئەمانە هاوکاری خەڵکیان کردووە، جاش پێش قەرەوڵی لەشکر بووە و لەپێش لەشکرەوە چۆتە هەموو دێ و ناوچەکان، لەسەر پێگە و بنەمای ناوچەکان جاشایەتی دانراوە، بۆئەوەی سود لە شارەزاییان ببینرێ، ڕاستە جەیشی عێراقی دەیتوانی هەموو کون و کەلەبەرێك بگەڕێت، تەیارەی هەبووە، تانکی هەبووە، کیمیاوی هەبوو، هەموو ئەمانەشی تاقیکردەوە، بەلاّم جاش ڕێبەرایەتی کرد بۆ هەندێك شوێن، بۆ نموونە لەناوچەی (جەباری)دا جاش بردییە سەر فلاّن ئەشکەوت و فلاّن دێ و فلاّن شوێن، لەناوچەی زەنگەنە جاش وایکردووە، لەناوچەی شواندا جاش وایکردووە، لەناوچە شاخاوییەکان جاش ئەوەیکرد، جەیش نەی ئەتوانی ئەمە بکات بە تەنیا، ئەوەتا ئەو جاشانە ڕێبەرایەتییانکرد، خۆ ئەگەر لەپەنای ئەو هەموو تاوانەوە کە جاش کردوویەتی، ئەگەر هەندێکجار چەند کەسێکیان ڕزگارکردبێت ئەوە ناکاتە ئەوەی کە تۆ بێیت بڵێیت ئەمانە ئازایەتییان کردووە، ئازایەتی نییە، جاش هەیە خەڵکێکی دەربازکردووە، بەلاّم ئەوە ناکاتە ئەوەی کەتۆ ئەمە بە ئازایەتی بگێڕیتەوە، لە ئەسڵدا ئەو کە ئەبێتە جاش بۆخۆی جۆرێك لە حاشاکردنی تیایە لە نەتەوەکەی.

**لڤین: ئەی کاك (لەتیف) پێتوایە جاش هەیە ئێستا لە دەسەڵاتی کوردیدا مەنسەبی هەبێت و بەشداربێت لە دەسەلاّتدا؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: دابەشکردنی جاشایەتی بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سەرەك جاش لەسەر بنەمای موستەشاری لەسەربنەمای (فەوجی خەفیفە) دروستکرا پارچە پارچە کردنی کۆمەڵگای کوردی بوو، کۆمەڵگای کوردی خەریکبوو سیستەمی فیودالّی تیایدا بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەگەیشتە ئاستێکی گەشەکردووتر، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سیمای کۆمەڵگای گۆڕاو دروست ئەبوو، کوردبوون خەریك بوو زاڵ دەبوو بەسەر زەنگەنەیی بوون و شوان بوون هەرکی بوون و سورکی بوون و زێباری بوون ئەو شتانە یا، بەعس هات جاشایەتی یا موستەشاری (فەوج خەفیفە)ی لەسەربنەمای عەشرەت و خێڵ و بنەماڵەکان دروستکرد، بۆ جەباری چوار ڕەئیس عەشرەتی هێنا کردی بە جاش.. بۆ شوان دوو ڕەئیس عەشرەتی هێنا.. بۆ هەمەوەند دووانی هێنا، ئەم کەسانە کەسانێك بوون پێشتر کەس بوون و وجودیان هەبوو، ناویان هەبوو، خەڵك گوێی لێیان دەگرت، بەعس زۆر سودی لەمە بینی من تەسەور ئەکەم ئەو سیاسەتەی بەعس، سیاسەتێکی زۆر بێژییانە بوو، زۆر عەقلاّنی بوو، من ناوی وا ئەبەم، بەومانایەی کە ئەوانی هێناوە، بەکاریهێناون، ئەوان ئەتوانن ڕەعییەت یا مێگەل لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆ تەفرەدان و فریودان، ئەوانە لە کۆی (360) موستەشار یا ڕەئیس جاش، یا سەرەك جاش کە من نامەوێ ناوی موستەشاریان لێبنێم لە کۆی (360) کەس لەکۆی (403) فەوجی خەفیفە لەکۆی (150) هەزار جاش ناکرێت تۆ بڕوات وابێ کە ئێستا لەو هەموو پیاوانە کەس نییە لە دەسەڵاتدا، من ئێستا ناوت پێ بڵێم ناوەکان زۆربەی زۆریان لە دەسەلاّتدان، بەلاّم جۆری دەسەلاّتەکە جیایە، دیوەخانانەیان هەیە، پۆستی گەورەیان هەیە، ئەوە ئیشی ڕۆژنامە نووسە، ئیشی ڕۆشنبیرانە، ئیشی خەڵکە بەدوای ئەوانەدا بچێت و بیاندۆزنەوە، من ناوەکانم لایە، بۆ نموونە دەتوانم لە ئەلفەوە تا کۆتایی هەموو ناوەکانت بۆ بخوێنمەوە، دەتوانم ناوەکانت بدەمێ، لەم ماوەی پێشوودا هەوڵمدا لەسەر بنەمای ناوچەی ئەنفالەکان جاشەکان جیاکەمەوە مەسەلەن لە ئەنفالی سێدا چەند ڕەئیس جاش بەشداری کردووە، چەند جاش ئەنفالی کردووە، لە ئەنفالی چواردا چەند کەس کردوویەتی و چەند ڕەئیس جاش بەشداری کردووە، هەوڵمدا ئەوە بکەم، تۆ بەپێی ئەوە کە جیاتکردەوە ئەو کاتە ئەشزانی لە مەنتیقەی شواندا لە مەنتیقەی جەباریدا ئێستا فلاّن کەس کە ئەوکاتە ڕەئیس جاش بوو، ئێستا چییە؟ لە هەولێردا فلاّن کەس ڕەئیسی جاش بووە ئێستا چییە؟ ناوەکانیش هەیە ئاغا و شێخ و دەرەبەگ و پیاوی گەورە و پیاوی خانەدانی تیایە بەمانا کۆمەلاّیەتییەکەی.

**لڤین: بەلاّم کاك لەتیف ئێستا هەر ئەوانەش بوون بەدەم سپی خەڵك؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: بە تەئکید وایە.

**لڤین: هۆکاری ئەوە چییە؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: کاکە هۆکارەکەی ئەوەیە تائێستا وشیاری کۆمەلاّیەتی و سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا هۆشیارییەکی لاوازە، ئەوەندەی جیلی دوای ڕاپەڕین ئالاّونەتە شتی زۆر لابەلاوە، ئەوەندەی پەنایان بردە بەر ڕاکردن و بەجێهێشتن و خۆ شاردنەوە لە شەڕی ناوخۆ، ئەوەندە کاریان لەسەر ئەوە نەکرد کە پەرە بە وشیاری خۆیان بدەن، ڕابردوو موحاسەبە بکەن، ڕابردوو موحاسەبە نەکرا، ئەوەندەی جیلی دوای ڕاپەڕین موحاسەبەی یەکێتی و پارتی دەکات لەسەر ئەوەی کە خزمەتگوزاری ناکات و بەتەنگ گەنجەوە نایەت، ئەوەندە نایەت موحاسەبەی ئەو ڕەئیس جاشانە بکات کەکاتی خۆی هەموو

بەدواداچوون

هاورێکانیان ئەنفالکرد.

گرفتی گەورە لەوەدایە وشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و سیاسی لای ئێمە لە دەرەجەی سفردایە، ئەمە زۆر کارەساتە، بە عەکسەوە وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی هەیە.

**لڤین: لەلایەن کێوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: پەرلەمانت هەیە.. حکومەتت هەیە.. دەسەڵاتت هەیە.. خەڵکت هەیە.. ڕۆژنامەت هەیە.. یەك دنیا شت هەیە کە بیکەن.

**لڤین: بەڵام ئەگەر تۆ پەرلەمان و دەسەڵاتەکەشت خۆی لەو بابەتەی تیابێت؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ئەمە گرفتە، ئەمە گرفتی زۆر گەورەیە کە دەبێت خەڵك، بۆ نموونە کەسوکاری ئەنفالەکان کەسوکاری شەهیدەکانی یەکێتی و پارتی، خەڵکی تر بچونایەتە بەردەم پەرلەمان بیان وتایە فلاّن کەس کوڕی فلاّن کەس کەپێشتر دەستی لە خوێنی کورددا هەیە ئێستا ئەبێت بە پەرلەمانتار، یا ئەبێت بە دەسەڵاتدار، نابێت لەویادا بێت. ئەوە نەتیجەی نەبوونی هۆشیارییە، لە ڤێتنام و لە کۆریا و لە نیکاراگوا و لە ئەمریکای لاتین لە زۆربەی وڵاتەکان جاشەکان موحاسەبە کراون، موحاسەبەی ئەخلاقی کراون، یەعنی لە فەڕەنسا ئەوانەی هاوکاری نازییەکانیانکرد، دوایی موحاسەبەی ئەخلاقی کراون، خۆ نەکوژراون، بەڵام سزایەکی ئەخلاقی دراون، پۆستیان نەدراوەتەوە، تەعویزی کەسوکاری قوربانییەکانیان کردۆتەوە، هەموو ئەوانەی کە لەشەڕی ڤێتنامدا هاوکاری ئەمریکایانکردووە ئەو پارەیەی کە پەیدای دەکەن لەو وڵاتانە، نیوەی پارەکە ئەگێڕنەوە بۆ کەسوکاری شەهیدان و خزمەتکردنی وڵاتەکە. ئەی جاشی ئێمە چیکرد؟ جاشی ئێمە هەموو دۆلاّبی پڕدەکر لە پارە، بەردوام پارەی کۆدەکردەوە، ئەزانی ڕەئیس جاش هەبووە جاشی ئەرکی هەبووە، سەدان جاشی ئەرکی هەبووە و مەعاشەکەی خواردووە، دواجاریش دیوەخانانەی بۆ بڕایەوە و کەسیش پرسیارناکات، کارەساتەکە لەوەدایە کە وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی تۆ هۆشیارییەکی زفتە، هۆشیارییەکی خراپە بەردەوام خەریکی قسەی زلین لە جیاتی ئەوەی بە کردەوە خەریکی کارێك بین کە فیعلەن مێژووی خۆمان موحاسەبە بکەین نەمانکردووە.

**لڤین: ئێستا پەرلەمان و دەسەڵات داوادەکەن خەڵك بۆ خۆی شکات بکات، ئەگەر داوای لەسەر کەسێکی تایبەتی هەیە و ئەوانیش پشتگیری دەکەن، دەبێت ئەم کارە خەڵك بیکات یان پەرلەمان؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: بەڕێزگیان ئەو جاشانە بەشێکی زۆریان ئیمکانییەتێکی ئابوری زۆر گەورە کەوتە بەردەستیان، وەبوون بە ڕەئیس عەشرەت، بوون بەناو، بوون بە خاوەن دیوخان، ڕەعییەتیان پەیداکرد، قاعیدەیەکی جەماوەرییان پەیداکرد، ئەم قاعیدە جەماوەرییە دواتر لە مەجالی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەوانەدا حیزب دەچێتە ژێر باریان، دەبێت جارێکی تر جەماوەر بەگژ ئەمەدا بچێتەوە، یەعنی لە مەسئەلەی شکاتکردنی پەرلەماندا، باشە، پەرەلەمانتارێك لە سنوری چەمچەماڵدا دەتوانێ بەناوی (30) هەزار کەسەوە شکات بکات لە جاشەکان. دەتوانێت چونکە نوێنەرایەتی ئەوان دەکات، بەڕاستی کارەساتە پەرلەمان ئەمە بە من بڵێت، بۆ نموونە (گولاڵەی گەرمیان) ئەندامی پەرلەمانە کچێکە لەو کچانەی کە زۆر داکۆکی لەئەنفالدەکات وە لە لیژنەی مافی مرۆڤە لە پەرلەماندا، باشە ناوی دیکەش هەیە لەوبارەیەوە (شوکرییە ڕەسوڵ) ئەندامی پەرلەمانە، ئەندامی لیستی پارتییە لە پەرلەمان، ئیتر ئەو هەڵسێت لەپەرلەمانەکەیدا قسەبکات، بڵێت ئێمە لە جاش خۆش نابین و جاشیش دەدەینە مەحکەمە، ئەوکاتە ڕەئیس پەرلەمان ئەمە بخاتە دەنگدانەوە، بڕوا ناکەم یەك پەرلەمانتار هەبێت جورئەت بکات بڵێت جارێ کاتی ئەوە نییە، چونکە کاتێتی، کاکە لە دنیادا ناکرێت دوای بیست ساڵ تۆ تاوانبارەکانی خۆت موحاسەبە نەکەیت، دوای بیست ساڵ کە تاوانبارەکانی خۆت موحاسەبە ناکەیت، ئەو تاوانبارانە ئەبنەوە پاڵەوان، بەدرێژایی مێژوو کە تاوانبارێك تاوانێك دەکات دەبێت سزای تاوانکەی بدات، لانی کەم یا داوای لێبوردن بکات، یەك جاش داوای لێبوردنی کردووە لە خەڵك؟ یەك موستەشار وتوویەتی من داوای لێبوردن ئەکەم؟ بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا جاشێك هاتۆتەوە سەروەت و سامانێکی زۆری هەیە لە جیاتی ئەوەی بێ داوای لێبوردن لە خەڵك بکات، ئەچێت داوای نامە ئەکات لە کاك مەسعود، لە مام جەلال بۆئەوەی پشتگیری بکەن و ڕێزی لێبگیرێت.

**لڤین: کەواتە دەسەڵات پشتگیری لە جاشەکان دەکات؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ئەمە موشکیلەکەیە!! ئەمە موشکیلەیەکە وەك وتم کە وشیاری وەك خۆی ناگا و وشیاری لاوازە لە وڵاتی ئێمەدا من ئەڵێم دەسەڵات لەناو کۆمەڵگاوە دەرچووە، سەیرکە، کۆمەڵگای نەخۆش دەسەڵاتی نەخۆش بەرهەم ئەهێنێت، کۆمەڵگای تەندروست و عەقڵانی و هۆشیار و بەئاگا دەسەڵاتی تەندروست و وشیار و بەئاگا بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر خەڵکی شۆڕش و سمود و بنەسلاوە و کەس نەزان و بارزان و کوێ و کوێ بچن ڕووبەڕووی دەسەڵات بنەوە و بڵێن ئەم هەموو جاش و موستەشارە بۆ تا (20) ساڵە موحاسەبە نەکراون، سەیارەی جام ڕەشی زۆر باشیان هەیە، خانوونی زۆر خۆشیان هەیە، وەزعی زۆر باشیان هەیە، منداڵیان لە باشترین جامیعە ئەخوێنێت، منداڵیان ئەچێت لە ئەوروپا ئەخوێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا خەڵکی ئەنفال نان نییە بیخوات، خەڵکێك هەیە (150) هەزار دیناری مانگانەی دەدرێتێ (150) هەزار جار منەت دەکرێت بەسەریا (30) هەزاری دەدرێتێ (30) هەزار جار منەتی بەسەردا دەکرێت، سوکایەتی پێدەکرێت، ئەگەر ئەمە بکرێت دەسەڵات فەزح ئەبێت وە نموونەش هەیە بۆ ئەوە.

**لڤین: ئایا هیچ بەڵگەیەکی مەلموس هەیە لەسەر ئەو جاشانە لای تۆ؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ئا.. بەڵگەی مەلموس هەیە، من لەکتێبێکدا کە ناوی جاش و ئەنفالە بەبەڵگەوە خستوومەتە ڕوو، هەموو ڕۆژنامەکانی ساڵی (1987–1988–1989) بەڵگەی مەلموسن لەسەر بەشداریکردنی جاش، وە بەناو و بە ڕەسمەوە لە ڕۆژنامەکاندا بلاّوکراوەتەوە، پیرۆزباییان، لە سەرۆکی بە قەولی خۆیان وتەنی فەرماندەی ئەو سەردەمەیان کردووە کە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە

مەنتیقەی سورداش و قەرەداخ و شوان و هەمەوەند و جاف و زەنگەنە.. هتد، واتە باس لە ئازایەتی خۆیان دەکەن، جاش هەیە نەك هەر باس لە ئازایەتی خۆی دەکات گلەیی دەکات بۆنموونە لە ناوەندی دووەمی هەشتاکاندا ژمارەی پێشمەرگەی گشتی کوردستان نەدەگەیشتە (10) هەزار کەس لە بەرامبەردا فەوجەکەی عومەر ئاغای سورچی کە ئێستا ڕەئیسی عەشرەتێکە و ڕەئیسی حیزبێکیشە (10) هەزار کەسی چەکداری هەبووە، ئەڵێت (10) هەزار چەکداری هەبووە، فەوجی (103) تەبعەن، ئەو یەکێك بووە لەوانەی کە بەشداری کردووە، یەکێکە لەو ناودارانەی کە پێویستە من بەڕاستی پێت بڵێم ڕەنگە ئێستا بچێتە لای حاشا نەکات لەوەی سەرۆك جاش بووە، بەڵام ئەڵێت من خزمەتی پێشمەرگایەتیم کردووە، وام کردووە و ئەوەم کردووە و خەڵکم ڕزگار کردووە، ئەوە هەموومان بەدوای ئەم پاکانەیەدا دەگەڕێین، بەڵام ئەمانە ناکاتە ئەوەی تۆ لە هەندێك شت ڕاکەی، من کاك عومەر ڕەنگە یەکێك بێت لەو نموونانە ئەگینا نموونە زۆرزۆرە کە لە کتێبەکەدا باسم کردووە، یەك لە جاشەکان گلەیی دەکات دەڵێت من شەڕێکی زۆر قارەمانانەم کردووە لە لێدانی پێشمەرگەدا، بەتایبەتی لە سەرکردایەتی یەکێتی و مەنتیقەی دەسەڵاتی یەکێتی (سەرگەڵوو بەرگەڵو سورداش)گەلەیی دەکات لە حکومەت و ئەڵێت بەداخەوە من نیشانەی ئازایەتیم وەك پێویست نەدراوەتێ، داوای (نوط الشجاعة)ی زیاتر دەکات، لە ڕۆژنامەکەدا ئەڵێت من یەکەمین گروپم کە گەیشتوومەتە سەر چڵکاو خۆرەکانی ئێران، وە یەکەمین هێزم کە یەکێتیم ڕاوناوە، لەبەرئەوە حەقی ئەوەم هەیە من خەڵات بکرێم، لە کتێبی جاش و ئەنفالدا و لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی بەعسدا لە (سەورە و عێراق و جەمهوری و هاوکاری)دا هەموو بەڕەسمەوە لە (ئاسۆ و بزاف)یشدا پیرۆزبایییان ناردووە کە سەرکەوتوون بەسەر ڕاونانی پێشمەرگەدا کە دێیەکیان ڕوخاندوە بروسکەی پرۆزبایییان بۆ (سەدام حوسێن) لێداوە و دەستخۆشییان لێکردووە، بڕۆ جەریدەکانی ئەو ڕۆژگارە هەڵدەرەوە، بخوێنەوە خۆ حاشایان نەکردووە، لە یەکێك لەو ڕۆژنامانەدا باسی ئەوەدەکات کە ئەو موستەشارانەی ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاککردنەوەی کورددا بەناو ناوەکانی تیایە کە بەشداربوونە.

خۆ من نەم نوسیوە، ئەوە جەریدە نوسیویەتی و بلاویشکراوەتەوە تەنیا لەو لاپەڕەیەدا باسی (72) سەرۆك جاش هاتووە، لە (لەتیف ئەحمەد زێباری)یەوە دەست پێدەکات و بە (کەمال محەمەد مامە سۆرانی) کۆتایی دێت، خۆی دەڵێت، کە ئەمانە بەشداری ئەنفالیان کردووە و دەبێت خەڵات بکرێن، وە جەریدەکەش ماوە، دەتوانن سودی لێببینن، بەڵگەنامە چییە؟ بەڵگە نامە هەموو ئەو ڕەسمانەیە کە بە (نوط شجاعة)وە لەگەڵ سەدام حوسێندا گرتوویانە، من ڕەسمی موستەشارم لایە بە (نوط الشجاعة) لەگەڵ سەدام حوسێندا گرتوویەتی کە ئێستا پیاوی موعتەبەرە، پیاوێکە ڕێزی لەسەر سەر و لەسەر چاوە.

**لڤین: لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە جاشێکی زۆر هەیە لە شاری کەرکوکدا بەبێ ڕێگری دەسوڕێنەوە و لەلایەن حیزبەکانەوە بەتایبەت یەکێتی و پارتی پشتگیری دەکرێن؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ئەزانی بەشێك لە جاشەکانی کەرکوك ئێستا فێری کەسابەتێکی زۆر باش بوون، بۆ ڕوتاندنەوەی یەکێتی و پارتی، بۆ نموونە کە ئەچنە لای یەکێتی لەوێ پلەیەك وەرئەگرن و پارەکەش ئەخۆن، دوایی کە لە یەکێتی بێزار ئەبن بە پلە و پارە و ئەرزەوە ئەچنەوە لای پارتی، فێری گەمەیەکی زۆر باش بوون کە خەڵکی ڕەش و ڕووتی کورد فێر نەبووە، نەك فێر نەبوو، خەڵکی ڕەش و ڕووت کە ئەچێتە بەردەم دەرگای دەسەڵات، پێی دەڵێت کاکە من پارچەیەك زەویم دەوێت، سوکایەتی پێدەکات، ئەڵێت چییە کاکە زەویت بۆ چییە؟ تۆ کوردایەتیت کردووە، شۆڕشت کردووە ئەم قسە زلانەت پێ ئەفرۆشێتەوە، بەڵام بۆ موستەشار ئەوە هەموو شتێکی بۆ واریدە، ئەزانی جاش هەیە حاکمی دابەشکردنی زەوییە لەم شارەدا، بۆ نموونە لە کەرکوکدا جاش هەیە حاکمی دابەشکردنی زەوییە، جاش هەیە خێر بەوانی تر دەکات، بۆ ئەوەی خۆی پاککاتەوە بە هەزاران مەتری داوە بە خەڵك، بە خەڵکێك کە پێویستە بیداتێ بۆئەوەی بڵێت پیاوی چاکە بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە نا هۆشیارە.

**لڤین: کاك لەتیف ئەی باشە دەسەڵات ئەو کەسانە ناناسێت و ئەو یارییە نازانێت، یان خۆی لێ گێل دەکات؟**

لەتیف فاتیح فەرەج: ئەزانی گەمەیەکی زۆر خراپ هەیە، سیاسەت لای ئێمە فەنی مومکینات و عیلم نییە، سیاسەت چۆنێتی بردنەوەی کورسی زیاترە، چۆنێتی بردنە ژێر باری خەڵکی زیاترە، کورد بۆ سیاسەت ناوێکی زۆر جوانی هێناوە (ڕامیاری) ڕامیاری یەعنی یاری ڕامکردن یاری دەستەمۆ کردنی ئەوانی تر کە من لەگەڵی نیم، نازانم کۆڕی زانیاری کورد لە وەختی خۆی بۆچی ئەو ناوەیان ناوە؟ یاری ڕامکردن یەعنی دەستە مۆکردن، ئەسپ ڕام ئەکرێت، هەست ئەکەم ئەوەی ئەکرێت ئەم یاری دەستە مۆکردنی ئەوانی ترە ئیشێکە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا ئەوەت لەبیر بچێتەوە کە پێویستە ئەمانە موحاسەبە بکەی، وە حیزبیش ئەوەندەی ئەیەوێ ژمارەکانی زۆر بێت بیر لەوە ناکاتەوە، ئێستا خۆشبەختانە هەست دەکەم ئەو خیتابەی نێچیر بەرزانی ئەیدا ئەو خیتابەی کە سەرکردایەتی یەکێتی هەندێکیان ئەیدەن هەستدەکەم خیتابێکی جیاوازترە لە خیتابی ساڵێ لەمەوپێش، شەش مانگ لەمەوپێش، تەمانا دەکەم ئەو گوتارە سیاسییە ببێتە گوتارێکی ئەخلاقی گەورە ئەو لەوێوە دەرگا لەڕووی ئەوەی پێی دەڵێن (ئاخوڕ گواستنەوە)، دابنرێت ناڵێم سەنگەر گواستنەوە، چونکە ئەوە سەنگەر گواستنەوە نییە، بەدەرلەوەی گەڕانە بەدوای پارووی چەورتردا، ئێستا ئەمەلێك هەیە ئەوە نەمێنێت ئەمە بەشێکی، بەشی دووەمی وەك وتم ئێستا لەدۆخێکی زۆر نالەبارداین، ئەمەش وا ئەکات هەندێکجار ئەو قەڵەباڵغییەی ئەیانەوێت سودی لێوەرگرێت، بۆ نموونە پارتی پێویستی بە پیاوێکە کەبە هەزار گەنجەوە بۆ لای ئەچێت، بەیانی ڕەنگە پێویستی بەوەبێت (500)ی بە کوشت بات لەشەڕێکدا، یەکێتی پێویستی بەوەیە، ئەمەش بۆخۆی گرفتە چونکە ئەگەر وانەکەن هەردوولایان مەڵبەند و لقەکانیان چۆڵ ئەبن.